# شیعرێکی چاپ نەکراو
# بە شێوەی لەکی

**محەمەد ڕەشیدی ئەمینی**
**(پاوە)**

ئەدەبی زاراوەکانی کوردی لە هەر شوێنێکەوە بێ، پشکنین و بە شوێندا گەڕانی لەسەر بکرێت، شتی تازە و دەگمەنمان دەست دەکەوێت کە بۆ یەکەم جارە ئاوا شتانێک لە بوارە جیاجیاکاندا بەرچاو دەکەون، تەنیا ئەوەی دەبێت هەندێ خۆماندووکردن و بەدوادا گەڕانی بۆ بکرێت، ئێمەیش هەروەک لایەنگرێکی ئەم جۆرەبابەتانە، لەو ماوەیەدا شتانی باشمان دەست کەوتوون و تەنیا یارمەتی فەرهەنگ و ئەدەب دۆستانی دەوێت تا بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی دووبارەنووسی بکرێنەوە و بەردەستی لایەنگرانی بکەون، بۆ وێنە ماوەیەک لەمەوپێش لە دەستنووسێکی کۆندا پارچە شیعرێکم بەرچاو کەوت زۆر بەلامەوە سەیر بوو، ئەو پارچە شیعرە زیاتر بە شێوەی گۆران نزیک بە زاراوەی لەکی و لە چوارچێوەی گاڵتە و گەپ، یان تەنز دانرابوو کە بەڕاستی ئاوا شتێک بەم زاراوەیە دەگمەن و نایاب، دەکرێت بە یەکێ لە سەرەتاییترین شیعرەکانی ئەم بوارە دەستنیشانی بکەین، لە باری وشە و زمانی کوردییەوە دەوڵەمەند و شتانی وای تێدایە کە لە هیچ فەرهەنگنامە و وشەنامەیەکدا بەرچاو ناکەون، ئەمەیش لە خۆیدا پیشاندەری ئەوەیە شتانی کەی لەم بابەتەمان زۆرەو لەبەر کەمدەستی و نەبوونی دەسەڵاتێکی خۆماڵی ئەو شتانەمان هەروا لە نێو دەستنووسەکاندا ماونەتەوە، یان لە ناوچوون و دەستی ئێمەیش نەکەوتوون، هەر بۆ ئەوەی ئەمەیش لە ناو نەچێت، هاتمە سەر ئەو ڕایە بە لێکدانەوەیەکی کورت لەسەر ئەو پارچە شیعرە، ئەرکی سەرشانی خۆمان جێبەجێ بکەین تا بکەوێتە بەردەستی هەمووان، شایەد کەسانێ کە بەشێوەی دیکە لەسەری بدوێن و باشتر لە بواری خۆیدا کەڵکی لێ وەربگیرێت.

ئەو شیعرەش وا دیارە فەقێ، یان تەلەبەیەکی ئایینی، گۆرانی، یان (هەورامی) چاوی کەوتووە بە پیاوێکی پێ لە ساڵی (لەک)، کە داماو و کەوتەکار بووە لە دەستی پیری، ئەم پارچە شیعرەی پێدا وتووە کە پارچەکەش دەبێ بە دوو بەشەوە، یەکەم لە زمانی تەلەبەکەوە، دووەم لە زمانی پیاوە پێ لە ساڵی لەکەوە، کە لێرەدا لەبەر ئەوەی تەواوی دێڕەکانی وشەگەلێکی دەگمەنی تێدایە، منیش بەشێوەی دێڕ بە دێڕ لێکدانەوەیەکی ساکار و سادەیان لەسەر دەکەم.

**ئارۆدیم کەدخدای ساڵ و یەردەی زەڕ**

**بوور بەڵمەڕیش کوور کولەشەڕ**

ئەمڕۆ چاوم بە کێخوایە ساڵ تێپەڕیوی زیقن کەوت، بە ڕەنگی بۆری ڕیش گڤ و بەم کردووی گوێری شەڕاوی و قەرقەشە، لەم دێڕەدا «بوور بەڵمەڕیش، کوور کولەشەڕ»زۆر دەگمەن و نایابن.

**چڵم ئەو لووت کەفتک، دەم نەسوێل گوم**

**ددان موورەی زاک، لەب کەنارەی خوم**

چڵم لە لووتی دەهاتە خوارێ و دەمی لە ژێر سوێڵیدا ون و نادیار بووبوو، ددانی وەک ئێسکوپرووسکی ئەشکەوت و لێوی وەک قەراخی کووپە، یان گۆزەی گەورەی لێ هاتووە، لێرەشدا وشەی «موورەی زاک» سەیر بکرێت. بەوەی دەزانین کە مووری جۆرە گریانێکە بۆ مردوو، (موورە)یش دەبێتە ئێسکوپرووسکی مردوو، (زاک)یش: دەبێتە زاغووری شاخ و داخ.

**مووی زهار زیاد کڵ تیژتەرنخار**

**پوش شوماڵ ڕیش چوون یاڵ کەفتار**

مووی شەرمگا، یان نێو هەردوو قاچی درێژ و تیژتر لە چقڵ، یان دڕک، مووی ڕەش و سپی تێکەڵ کراو، هەر تاڵێکیشی رووی لە شوێنێ وەک یاڵی کەمتارە، کام شاعیرمان هەیە کە بێ ترس ئاماژە بە مووی شەرمگا بکات، یان وشەی (شوماڵ ڕیش)، واتە مووی سپی و ڕەش وەک ماش و برنج.

**ئاڵت چوون سیرم ئۆستای گیوە گەر**

**ویەردەن نە پاش بەڵکە زیاتەر**

ئاڵەتی وەک (سیرم)؟ دواڵێ لە چەرم براوی ئۆسای کلاش کەرە، لەپێی، یان قاچی تێپەڕیوە، ڕەنگە زیاتریش بێت. لێرەدا وشەی (سیرم) ئەو پێستەیە وەک دواڵ دەخرێتە ژێر کلاشی هەورامییەوە.

**بەڵێ من نە هاڵ ئەوعەجەب مەندم**

**شەهادەت وەسڕ لەم یەزەل وەندم**

بە ڕاست من لە چۆنیەتی ئەوە سەرم سوڕماوە و تێراماوم، شایەتمانیشم بە نهێنییەکانی خوای گەورە هێنا. وشەی (هاڵ)، واتە حاڵ، یان چۆنیەتی بارودۆخی لەش.

**پەرسام جێش ئەرێ هاڵووی کەتر و کوور**

**پلتکە وە پشت لەک لەندەهوور**

پرسیارم کرد لێی، ڕاستی خاڵەی لەکار کەوتوو مژمۆر و کوێر، کە تەواوی پێستی لەشت بە خاڵی ڕەش داپۆشراوە، ئەی لەکی ناشیرین و زەبەللاح، دەبینین لەم دێڕەشدا «کەتر و کوور و پلتکە وە پوس، لەندە هوور» زۆر دەگمەنن، بە تایبەت (پلتکە وە پشت، یان پێست) بە ڕاستی تا ئێستا کەس نەیتوانیوە ناوی بۆ ئەو خاڵە ڕەشانەی سەر پێست لە کاتی پیریدا بدۆزێتەوە.

**پەی چێش وەی تەورە مەویاری جەستە؟**

**کەفتەنی وەی هاڵ خەرگا وە خەستە**

بۆ چ بەم شێوە، لەشت لەگەڵ خۆت کێش دەکەیت،



کەوتوویتە نێو بارودۆخی قوڕی خەست، یان کەوتوویتە نێو بارودۆخێ دەڵێی لە نێو قوڕاودا گیرت خواردووە.
وەڵامی خاڵەی لەک:

**ڤەت ئەڕا بینم ئەوشیی هاڵوی لەک**
**کوفر نەفرینەن خەیلی ژە لای هەک**

گوتی: وا دەمبینیت و دەڵێیت: خاڵەی لەک، دژایەتی لەگەڵ خودایە و دوعای شەڕی زۆری لە لای هەق کراوە، یان لای خوای گەورەوە. (هەک) بە مانای حەق.

**نەک منیچ نەی وەرشوخ مەلوویل بیم**
**کەدخدای تووش ماڵ جمع ماکوول بیم**

نەوەک منیش لەمەوپێش شۆخێ خەماوی بووم، کەدخوای سەرپەرشتیکەری کۆمەڵێ بخۆر بووم، مەبەست کەسانێکی زۆر لە سفرە و خوانی من دەیانخوارد و ژیانیان بەسەر دەبرد.لەم دێڕەش (تووش ماڵ) جێگای سەرنجە. یانێ ڕیزە خانوویەک لە کەناری یەکدا.

**قابل و جوان چەوگان کۆیە بیم**
**کلاو وەرگ پۆست شاڵ و شۆیە بیم**

لاوێکی لێهاتوو وەک گۆچانی شاخ و کێو بووم، کلاویشم پێستی گورگ و پشتێن و شان و باهووی پیاوانە و ناوداریش بووم.

**هەرگیز وەزەمین لوویت نمەکەفتم**
**شەو وە جل مانگای میرو نەخەفتم**

هیچ کاتێ لەسەر زەوینی ڕووت و خاڵی ڕانەدەکشام، شەوانیش وە کورتانی مانگا و گای نێر نە دەخەوتم، لەم دێڕەشدا وشکانی «لوویت، جل مانگا، میرو» دەگمەنن.

**ساحێب قنیات بیم وە ڕووژێ جارێ**
**مەکنیام شیراج تای یا بارێ**

خاوەن خۆڕاگری و نەوس کوژ بووم و ڕۆژێ یەک جار خواردنم دەخوارد، کاتێکیش دەچووم بۆ ئیش و هەرمان دەست بەکار دەبووم تایە، یان بارێک کەماو بە هەکم دەکەند. لەم دێڕەیشدا «قنیات و شیراج» جێگای سەرنجن.

**ئیسە گورانی شەلەم خوور چوون توون**
**شان و مل زیرگن، فقی ڕووتاڵ گوون**

ئێستا «گۆرانی» شەلەم خۆر وەک توو، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە شاعیر گۆرانی زمان، یان باشترە بڵێین هەورامی بووە، ئێستا تۆی فەقێ، یان تەلەبەی ئایینی شان و مل چڵکنی بێ پۆشاک و ڕووتەڵە وام پێ دەڵێیت.

**مەخەنی وە کووچ هاڵ و هووڵم**
**وە گاسواری و وە شان و کووڵم**

پێدەکەنی وە بار و بنە و هاڵ و هەواڵ (حاڵ دەحواڵم)یان دەنگ و باسم، وە گاسواری و وە شان قۆڵم. سەیری وشکانی «هاڵ و هووڵم و گاسواری» بە وردی بکرێت.

**«ان شا الله» ئەژ هەک تاین مەو لێت**
**عومری وێنەی عومر من مەوەخشان پێت**

ئینشائەڵلا لە لای خواوە بۆت دێتە پێشێ، تەمەنی وەک تەمەنی منت پێ دەدرێت. وشەی «هەک» حەق.

**وڤل قفین چاو کلت بۆ زاک**
**وە سەر زندگ وای وەقاڵ و چوون لاک**

وە ڤل قفین، کاتێ دەقۆزێت چاوانات زاق وەک ئەشکەوتیان لێدێت، وە سەر زیندوو بیت وە لەش وەک لاکی مردوو، هەندێ کەس باوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە پیتی (ڤ) ڤێ بە تازەگی هاتووەتە ئاراوە، کەچی لەم



شیعرەدا بۆمان دەردەکەوێت بەڕاستی ئەو پیتە هەر لە کۆنەوە لەنێو نووسراوەکانی کوردیدا هەبووە، هەتا لە خودی دەستنووسەکەشدا بە سێ نوختە نووسرابوون، کە وێنەی دەستنووسەکەیش پەیوەست دەکەین، لەم دێڕەش بە وردی سەیری وشەکانی «وەڤل قفین، زاک، زندگ، قالۆ» بکرێت. زاک لەسەرەوە بە مانای (زاخوڕ)، یان دڕناڵی شاخ هاتووە، کەچی لێرەدا بە مانای زاق، یان تێرامان هاتووە.

**ئایل کوڵ وە چنگ چابووکی کەوی**
**بایژنت نەچا ژێر زک زەوی**

ئەهل و عەیاڵ، یان ماڵ و منداڵ لە کەناری ئەوەی چنگت لێ دەگرن، دەتخەنە نێو چایە، یان خانووی ژێرماڵ، یان ژێر زەمینی ماڵان، سەیری ئەم وشانە بە وردی بکرێت «ئایلە، چابووک، بایژنت، زک زەوی» هەڵبەت چابووک مەبەست چەپۆک، یان پوکالاوە.

**ژن گەل وە چنگیان بگرن ئەو چەمت**
**وە دەس ترخینە بنین ئەو دەمت**

ئافرەتان وە دەستیان پوکالاوت لێ بگرن لە نێوچاوانت و دەستیش دۆینە بنێنە نێو دەمت.

**بوویشی بیزارم جەی عومری بی نیر**
**وەزگە و هاڵووی لەک لەندەهوویر**

ئەوکاتە بڵێت گیانە سەر و گیانەڵام لەم تەمەنە بێ خێر و بێرە، خۆزگە بە خاڵەی لەکی ناقلۆکار و ناشیرین.

هەڵبەتە من بەشێوەیەکی زۆر سادە و ساکار لەسەری دواوم و تەنیا وەک ماناکردنەوەیەک بۆ ئاگاداری ئەو چەند دێڕەم لەسەر نووسی، وەگەر نە دەکرا لەسەر هەر وشەیەکی چەندان لاپەڕە بنووسرێت.

لە کۆتایی ئەم پارچەیەدا ئاوا نووسراوە «از سنه ۱۲۹۱ حقیرکه محمد هستم در هواری یوراش این چند کلمه برای یاداشت از عهد اول حکومت محمدپاشا قلم شد، حضرت شیخ محمد روح و جسم فدا از مکه بازگشته تشریف اوردند وارد جای خود که تەوێڵە باشد رسیدند به سلامت و...»، واتە [لە ساڵی (۱۲۹۱)دا من کە محەمەد ناومە لە هەواری یۆراش (کە هاوینەهەوارێکە لە باشووری کێوی ئاتەشگای پاوەدا) ئەم چەند ڕستەم وەک یادکردنەوەیەک لەسەردەمی سەرەتای دەسەڵاتی محەمەد پاشای جافدا نووسیوە، بەڕێز شێخ محەمەد گیان و لەشم بە قوربانی بێت لە مەککەوە هەڵا گەڕاوەتەوە و گەیشتووەتە شوێن و ماوای خۆی کە تەوێڵەیە بە ساقی و بێوەیی]، هەڵبەتە شاعیری ئەم شیعرە نەزانرا کێ بووە، هەروا لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت و ئاماژەمان پێ کرد، وا دیارە گۆران بووە بە زمانی ئەو لەکەوە ئەم شیعرەی داناوە، کە بێ گومان بە گوێرەی واژەکانی زۆر لەو مێژووە کۆنتر بێت کە لە نوسخەکەدا لەبەری نووسراوەتەوە.